# جوێندەر ودەمشڕ نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە (بەسەر خەڵکی) لە بازاڕەکاندا، وخراپەی ئەنجام نەدەدا بەرامبەر بە خراپە (کە دەرهەقی کرابێت)، بەڵکو لێبووردە بوو و (لە خەڵکی) خۆش دەبوو

لە ئەبی عبد الله ئەلجەدەلیەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەویش ووتی: «جوێندەر ودەمشڕ نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە (بەسەر خەڵکی) لە بازاڕەکاندا، وخراپەی ئەنجام نەدەدا بەرامبەر بە خراپە (کە دەرهەقی کرابێت)، بەڵکو لێبووردە بوو و (لە خەڵکی) خۆش دەبوو».

[صەحیحە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش ووتی: جوێندان وقسە وکردەوەی ناشیرین لە خوو ورەوشتی نەبوو، وزۆری لەخۆی نەدەکرد بۆ ووتنی قسەی ناشیاو وبە ئەنقەستیش ئەو وشانەی نەدەووت، ولە نێو بازاڕەکاندا دەنگی بەرز نەدەکردەوە، وبەرامبەر خراپە خراپەی ئەنجام نەئەدا؛ بەڵکو چاکەی ئەنجام ئەدا، ولە ناخیدا لێی دەبووری، وچاوپۆشی دەکرد وپشتگوێی دەخست لە ئاشکرادا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10974

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee